# ڕاگەیاندنی دامەزراندنی

# حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق

لە ڕێگای ئەم بەیانامەیەوە دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق ڕادەگەیەنین.

حزبی کۆمۆنیستی کریکاری چەپی عێراق ، حزبێکی نێونەتەوەیی مارکسستیی‌یە ، ئامانجی ڕیکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی سۆشیالزمە.

ئەم حزبە سەر بە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری‌یە و ڕایدەگەیەنێت بەرنامەی "یەك دنیای باشتر " بەرنامەی ئەوە .

ئەم حزبە لە پێناو دنیایەکی باشتر کە دووربێ لە چەوسانەوە و کۆیلایەتی و سوکایەتی کردن بە ئینسان خەبات دەکات. تێکۆشانی ئەم حزبە بۆ دامەزراندنی دەست بەجێی سوشیالزمە ، بە مانای لە ناو بردنی کاری کرێگرتەو خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە لە ڕێگای شۆڕشی کۆمەڵایەتی‌یەوە. وە ئەمەش تایبەتمەندی بنچینەیی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری‌یە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق باوەڕی بەوە هەیە کە کۆمۆنیزم بزووتنەوەیەکی زندوو و هەوڵ و خەباتێکی ئۆبژەکتیڤانەی ناو چینی کرێکاری عێراق و جیهانە .ئەم حزبە خەبات دەکات بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار و کۆمەلانی خەڵکی عێراق لە پێناو بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و ڕاگەیاندنی دەسبەجێی کۆماری سۆشیالستی .

ئەم حزبە لەلایەن کۆمەڵێك لەو ژن و پیاوە کۆمۆنیستانەوە دروست بووە کە لەو باوەڕەدان ڕابەری ئێستای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەست بەرداری سوونەتە شۆڕشگێڕو سۆشیالستیەکانی کۆمۆنزمی کرێکاری بووە، کە لەلایەن، منصور حکمت، دامەزرێنەری بزووتنەوەکەوە داڕژراوە.

ئەمە تەوەرەی جیاوازی ئێمە _حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق_ و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق پێکدەهێنێت . ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق پەیوەست بوو بە باڵی ڕاسترەوی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌یەوە ئەوەی ناوزەد دەکرێت بە "حکمەتیست " ، کە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران جیابووەوە .

ڕاسترەویی ئەم ڕەوتە لە میانەی تێزە سیاسیەکانی‌یەوە کە دەست هەڵگرتنە لە دوو مەسەلە بنەڕەتی ، شۆڕش و سۆشیالیزم، ئاشکرا و ڕوونە. بەیانی‌یەی دامەزراندنی حزبی ناوزەد کراو بە "حکمەتیست " شۆڕشی سۆشیالستی ڕەت دەکاتەوە و دوای دەخات بۆ دوای بە دەستەوە گرتنی

دەسەڵاتی سیاسی! وەك خۆیان دەڵێن سۆشیالیزم مەسەلەیەكی هەنووكەیی نیيە و ناتوانرێت جێبەجێ بكرێت چونكە جەماوەر سەمپاتی بۆی نیيە .
ئەم باڵە ڕاستڕەوە شۆرش وەك تاكە شێوەی نمونەیی و پراتیكی بۆ لە ناو بردنی دەوڵەتی بۆرژوازی ڕەتدەكاتەوە . شۆرش لە لای ئەوان كارێكی توندوتیژیە و پێویستە بگۆڕێت بە شێوازی مەدەنیانە وەك یاخی بوونی مەدەنی ، دیبلۆماسیەت ، بەدەست هێنانی توافقاتی سیاسی ، گفتوگۆكردن لەگەڵ بورژوازی بە مەبەستی گەیشتن بە دەسەلاتی سیاسی. ئەم تێزانە بە روونی لە لایەن باڵی ڕاستەوە لە پرۆسەی پلیمیكە دەروونیيەكانی ناو حزبی كۆمۆنستی كرێكاری ئیران دا ڕاگەیەنراوە .سەرباری ئەمانە ئەم باڵە بەیاننامەیەكی دەركردووە بەناوی ( بەیاننامەی 21 ئەندام ) كە بە ئاشكرا هەستی دژی كۆمۆنیستی تێدا بەرجەستە بووە، ڕابەریی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق پشتگیری تەواوی لەم بەیەننامە دژی كۆمۆنیستیيە كردووە .
ئەگەر سیاسەتەكانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق بە شێوەیەكی ڕیكخراو و جێكەوتە لە چوارچێوەی باڵی راستدا لە عێراق پیادە بكرێت، ئەوە بەدەر لە ئیرادەو ویستی لایەنگرانی، ئەبیتە رێگر لەبەردەم تەحقیقی شۆرشی سۆشیالستی لە عێراق دا، ئەمە ئیشارەتێكی خەتەرناكە كە ئەو ڕابەریە بنەمای كۆمەڵایەتی كۆمۆنزمی كرێكاری بۆ دەكاتە قوربانی و لە ئایندەشدا ڕوو بەڕووی خەتەری زۆر گەورە تری دەكاتەوە .
حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری چەپی عێراق بانگەوازی كۆمەلانی خەڵكی عێراق ، كرێكاران، گشت ئازادیخوازان و یەكسانی خوازان دەكات بۆ پەیوەست بوون بە ریزەكانیيەوە .

## بژی سۆشیالیزم

## بژی چینی كرێكار

## بژی منصور حكمت

### دامەزرێنەرانی حزب:

ئازاد حمه كریم ، بژاری شاعیر ، بهار عمر ، بێگەرد وهاب ، جلیل شەهباز ، حسن گومبی ، حمید خلف البصری ، خبات مجید ، خیاڵ ئیبراهیم ،دڵسۆز نوری ، ستار حمه علی ( ستاری چیمەنتۆ ) ، سردار عبدالله(هەڵەبجەیی) ، سەرگوڵ ئەحمد ، سویله حسن ، سیاوەش مودەرسی ، صباح ئیبراهیم ،عبدالكریم عبدالباسط، عصام شكری ، علی جوادی ، فاتح بهرامی ، كاوه عمر ، ماریا گومبی ، محسن ئیبراهیمی ، محمد ئاسنگران ، مریم جمیل ، مستفا عەرەب ، نوزاد خالد، نورالدین عبدالقادر
دامەزرێنەرانی حزب لە سەر ئەوە رێكەوتن ئەم هاورێیانەی كە لە خوارەوە ناوییان دێت "هەیئەتی تەنفیزی" پیك دەهێنن و ئەركی دامەزراندنی حزب و ئورگانەكانی تا بەستنی كونفرانس لە ئەستۆیانە .

**هەیئەتی تەنفیزی:**

**ئازاد حمه کریم ، بژاری شاعر ، جلیل شەهباز ، حسن گومبی ، خبات مجید ، خیاڵ ئیبراهیم ، ستار حمه علی(ستاری چمەنتۆ) ، سردار عبدالله (هەڵبجەیی) ، سمیر نوری ، سیاوش مودەرسی ، صباح ئیبراهیم ، عصام شکری ، علی جوادی ، فاتح بەهرامی ، کاوه عمر ، محسن ئیبراهیمی ، محمد ئاسنگران ، مریم جمیل**

17 تشرینی یەکەم 2004